# نامەیەکی کراوە

## بۆ زۆر بەرێز کاك صنعان اغا

پێشەکی بەناوی خۆم و هەموو خزمانەوە چاوەکانت ماچ دەکەم

برای بەرێزم کە ئەم نامەیەت بۆ رەوانە دەکەم ئەکەس زۆری لێ کردووم ئەکەسیش فێری کردوم خوانەکە ئەسیحەتیشت ناکەم ئەمە لەرووی خزماتیەوە بەس بۆ ئەوەمە پێستەکە سەگ ئەیخوات بەرێزیشتان ئەڵێن خزمەکان بۆ هیچتان پێنەوتووم.

برای گەورەم تۆ ئەلەبرسانە لەترسا هەوڵت ئەداوە بۆ ئەوپلەیە بەرێزتان کەپۆستی سەرۆکی جەبهەتان وەرگرت فەرموتان من هیچ وەختێك نابمە تەبعیەو تابیعی تورکیا دەمەوێ خزمەت بەهەولێرو هەولێرچیەتی بکەم، بەرێزتان تەشەرتان دەدا لە ویداد ئەرسەلان و ئەمسالی ویداد کەچی بەپێچەوانەوە دەرچوو ئێستا هەولێرت کردە پارچە پارچەو خەلکی لەچایخانەو لەسەر جادەکان جنێوت پێ دەدەن لەکاتێکدا بەرێزتان ئەوەی کەڵە پیاوترین کەسی مێژوون ئەویش باپیرئاغای مەنگورە کەلە موراغە لەسەر دەستی پیاوانی تورکا کوژرا خۆتباشت بەبیردێ کەمامە(علی)ت لەسەر ئەمری بابت لەساڵێ ١٩١٧ شانبەشانی خزمەکانت (مەنگورو مامەش وپیران) لەخزمەت شۆرشی کوردابوون بەسەرۆکایەتی مەلیك محمود شەرِی شوعیبەو ئاوبارەو بازیان و دۆڵی جافایەتیان کرد تا١٩٣٠ بەنەخۆشی گەرایەوە بۆ هەولێرمنیش لەخزمەتی باوکمدا ساڵی ١٩٥٣دا لەدیوەخانی باوکتا دانیشتوم بیری منداڵیم تیژە دەزانم باوکت چ کەڵە پیاوێکی مەنگوڕ بووەو لەروانگەی هۆزی مەنگورەوە تەماشای کێشەی کوردی دەکردو شۆرشەکانی ساڵی (١٨١٢)ەی بلباسی دەهێنایەوە بۆ خەڵك خۆی پێوەهەڵدەدا.

بەرێزان لەکاتێکدا ختابی سیاسی کورد یەکەو هەموو جیهان لەگەڵ کێشە رەواکەیانیاپتۆش شوێن دەستت دیاربێت من ناڵێم تۆ دەترسیو دەرەقەتی دووحزب نایەیت بەلام ئەم کێشەیە کێشەی دووحزبو حزبایەتی نیە کێشەی ٤٠ ملیۆن کوردە بەملیۆنەها شەهیدە ئەگەر بەرێزیشتان لەرقی یەکێك یان دووان ئەمە دەکەن کورد لەو کەسانە گەورەترە وەیان یەکێك لەپشتت دەدا ئەو کەسە لەدوایدا دەتکا بەپەیژەو خۆی پیاسەر دەکەوێو بەخەڵکانی کەدوژمنایەتیت دەکا خۆی گیف دەکاتەوەو بەتەشەرەوە جنێوت پێ دەدا بەرێزیشتان زۆر شارەزایی مێژوویت ابو مسلیمی خوراسانیو زۆر کەسانی ترت دیوە چۆن خزمەتی دوژمنیان کردووەو پاداشتەکەشی چی بووە چەند ساڵێ: پێش راپەرین خۆت بەبیرت دێ کەکاتێك شەهید علی ئاغای مەنگورو دەروێش ئاغای

کوریـان کوشـتبوو بەعسـیەکان چ تەشـەرێکیان لێ دەدای لـەکاتێکدا تـۆ دەعوەتـت دەکـردن لەراپەرینەکەشا خزمانی خۆمان چۆن هاتن بەپیرتەوە بردیتیانە بۆ بتوێـن بـەمکرەمو مەعجەزیـەوە ئێستاش کارێکی وا بکە کە ئێمەشو خزمانو کەسانی تریش لەکەدار نـەبن ئێستاش نـەچوە بچی بیکە بەخاتری خواو تەمەنەپیرۆزەکەی میناخانمو شـەرەفی هـەموو هۆزەکـەمان بـالێرە بوەسـتی نەپارەو نەپلەو پایە ناکاتە ئەوەی شانە لەسەرتابشکیو مێژوو بەخراپ ناوت بێنـنو شـەقی مێـژوو لەگۆڕەو شاری قەبر خراپترە. خوا شایەدە ئەم لەدڵسۆزیە بۆتان چونکـە زۆرکـەس هـەوڵی داوە ببێتە کۆسپ لەرێگەی میللەتانەو سەرنەکەوتووە.

چاوڕێی جوابم لەبەرێزتان کەبەیانێك دەرکەن بۆ ئـەوەی بەچێواشە تێتـان نەگـەن نـەك نیـەتی دڵتان خراپ نەبێت چونکە ئەوەی لەژێر نانە دەکەوێتە سەر نان لەکۆتایشدا سڵاوی هـەموو خزمـان دەگەیەنم بۆ بەرێزتان.

براتان

ئەمینداری هۆزەکانی بلباس
محمد بێورەیی

٤/١٢/٢٠٠٦